کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-10-2007 1:51بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**شەڕێک لە داگیرکاری وبەرگری یەک لەرازی بوون ... ستار چاو شین**

بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بوبێت ئەوەندە بزوتنەوەیەکی پەرچە کردارانە بوە ئەوەندە بزوتنەوەیەکی بە بی هۆو کارتێکردنی ناوخۆیی دروست نەبوەو شورشێك نەبوە تەنا لە سەر ئارەزوی داواکاری نوی بنەمای شورش و بە رخودانی دانابێت، هەر بزوتنەوەیەك لە هەر شوێنێك جوگرافیایەك لە کوردستان سەر هەڵدانی کردبێت ئەوە لە ئەنجامی فشاری دووژمنەکانی کورد بوە، هەموو رێگاکانی لە بەردەم خواست و داواکاری یەکان راگرتووە و، ئیدی چ ئومێدێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی رەوا، کە هەموو کەس بەرژەوەندی یە راست و رەواکانی خۆی تیا بینێتەوە، خۆ هەر ئێمەی کورد لە بەردەم حاڵەتێکی وەهادا نەبووین، وە ئەم جۆرە لە شورش و بەرخودان بەشێکی گەورەی کلتوری گەلانە وە هەر نەتەوەو گەلێك لە قۆناغی سەرەتای رزگاری خۆیدا بەم قۆناغانەدا تێپەریوە، لە هەر قۆناغێك هەوڵی سرینەوەی درابێت بەرگری لە خۆی کردوە بەڵام لە هەمویان بەرچاووتر دیار تر ئێمەی کوردین، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ ئەو دوژمنانەی ئێمە لە سەر دابەش کردنی کوردستانەکەمان بە سەر ئەو وڵاتانەدا کە چارەنوسمان بوە لە رووبەروبونەوەدا، کە دوژمنگەلێك بوون تەواو دوژمنی جیهان و مافەکانی مرۆڤ و چەمکی ئازادی و دیموکراسی بوون، کە هەر ئەم جۆرە دوژمنانە بوون کە بەشێك بوون لە رەوای دان بە کێشەکەمان لە رووی نێو دەوڵەتی و ناوچەیی یەوە، ئەمە بەو مانا نا کە کێشەی کورد لە بنەرەتدا رەوا نەبوە یاخود نەیتوانیوە رەوای خۆی بدەر بخا، ئەڵبەتە لە رەوا بووندا هەمیشە دوژمنان لە قەیرانی سیاسی و پەیوەندی یە نێو دەوڵەتی یەکانیاندا لە قەیراندا بوون،

شەری ئەمرۆی تورکیا کە بە لەشکری کێشی خۆی ناساندوە و بیانوی لە ناوبردنی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانە شەرێکە هەڵگری هەمان سیفەتی مێژویانەی دوژمنانە لە هەر وڵاتێك لە دوێنی دا کە رووبەروی هێزەکانی رزگاری شورشەکانی گەلی کوردستان ئەبوەوە، شەرێکە خاڵی لە بیر کردنەوەی دیالۆگ و گەران بە دوای چارەسەری یەکاندا، پر لە هێزو وەستان لە سەر ئاگرو سەرکوتکردنی هێزێك کە تەمەنێکە ولاتێکی لە قەیرانی ئابوری و سیاسی داناوە کە بە هەر شێوەیەك بیری لیبکەیتەوە دەشێت و دەتوانرێت لە ناو پرۆسەی دیموکراسیەت و ممارەسەکردنی ئەو پرۆسەدا جێگەی بکرێتەوەو بە شێوەیەك لە شێوەکان توانستی تاقی کردنەوەی سیاسەتکردنی لە ناو میلەت و گەلی خۆ پی بدەی، وە ئەوکات دەوڵەت لە قەوارە گەورەکەی خۆیدا گەورەترین قازانج دەبەخشێتە دەسەڵاتی یەکەم پاشان گەلێکی بن دەستی وەك کورد لە رازی بونی لە ناو قەوارەی ئەو دەوڵەتەدا، کە پشکی شێر لە خزمەتی نەتەوەی سەر دەستە لە بنەرەتدا

ئەمرۆ لە سەر ئەم گرفتە باڵایە کە دەنگ و رەنگی نێو دەوڵەتی وەر گرتوە و تورکیای هاویشتۆتە نێو قەیرانێکی سیاسی و تەواوی ئابوری ئەو ولاتەی لە ئیفلیج بون نزیك کردۆتەوە، زۆر راو رای جیاواز دەبیستریَن دەوترێنەوە، هەر یەکێك لەم لەم رایانە پاڵپشت بە باکگراوەندێك رێژەیەك لە رەوایی لە گەڵ خۆی هەڵدەگری وە دواتر دێتە مەیدانی وتنەوە، بۆ نمونە ئایا تا چەند رەوایە وە تا چەند یاسا نێو دەوڵەتی یەکان رێگە دەدەن بە هێزێکی نێو خۆیی لە وڵاتێکەوە پەلاماری وڵاتێکی تر بدات کە دروواسی یەك بن وەزۆر جار رێکەوتن و پەیمان بەستنی دوو قۆڵی یان مۆر کردبێت، یاخود چۆن دەکرێت هێزێك لە ناو شەرگە دا وا خۆی بناسێنی کە بەرگری لە گەلێگ دەکات کە دەرگاکانی دیموکراسی لە بەر دەمی دا ئاوەڵایە وەرەنگە هێزی تفەنگ و شەر ئەمرۆ نەتوانێت لە سەر زمانی سەردەم جێگەو پێگەی خۆی بکاتەوە، وە یاخود هەر یەکگێك لەم وڵاتانە سەرووری خۆیان هەیەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناکرێت بە هیچ شێوەیەك لە سەروەری ئاسایشی نەتەوەیی بدرێت، زۆر پرسیاری تر کە رەنگە لە سەر زمانی دوژمن ئاسانتر بێت وتنی نەك من.

تورکیاو هەر وڵاتێکی تری ناوچەکە کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە لەو وڵاتانەن کە بۆخۆیان لە ئازادی و دیموکراسیەت دالە دواوەی دواوەی وڵاتانن و هەمیشە وەك وڵاتێك ناسراون کە دەستیان لە سەرکوتکردنی گەلانی خۆیان دا هەیەو لە قەتڵعام کردنی نەتەوە کەمینەکانی خۆیان دریغی یان نەکردوە، وە راپۆرتە نێو دەوڵەتی یەکان لە سەر ئاستی نەتەوە یەکگرتوەکان تا رێکخراوکانی مافی مرۆڤ ریکخراوە مرۆڤ دۆستەکان هەمو ئەوانەبەردەوام لە سەری دەوەستن، وە وڵاتانێکن داخراو بە رووی ئەوروپاو ریفورم و ئازادی یە گشتی یەکاندا. وە مێژوی ئەم وڵاتانە مێژویەکی رەشن پێست بە هێنانەوەی پاساو ناکات، هەر بۆ یە ناکرێت یاسای نێو دەوڵەتی خۆی ببەستێتەوە بەم وڵاتانەوە کە رێز لە هیچ پرنسیپێکی نێو دەوڵەتی و راسپاردەکانی جیهان ناگرێت و ئامادە نیە ئەو سەروەریانە لە پیرۆز کردنی خۆی لە وڵاتەکەی دایرشتوە هیچ ریفۆرمێکی تیا بکرێت، بە تایبەت تورکیا کە لەم پیرۆز کردنەی خۆی گەڵێك زیانی ئابوری پی گەیشتوە و لە ساڵانی رلبردووش هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ بە ئەندام بوون داویەتی بە فیرۆ داوە وە ئەمە رەنگە بتوانرێت لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا پراکتیك بکرێت چونکە ئەوان وڵاتانێکن بە ستراونەتەوە بە هێزی دیموکراسی وز ئازادی کە خۆیان بە دەست هەڵگرتن لە پیرۆزی یەکانیان بە دەستیان هێناوە،

خۆ ئەگەر تورکیا ئەمرۆ چەکی سەر مێزی گفتوگۆ کانی بۆ نەهێشتنی هێزێکی لەم جۆرە ئەوەبێت بۆ لە ولاتێکی ترەوە پەلاماری دەدرێت، ئەی بۆ لە رابردوودا کی هاوکاری بزتنەوەکانی تری کردوە بۆ رزگاری وە کی تەواوی ئەو ساڵانە پاڵپشتی گروپ و هێزە شورشگێرە کوردیەکانی تری ناوچەکە بوون وە دەستی هەبوە لە رێکخستن و نوی کردنەوەی ریزەکانیان، کە ئەم رۆ هەمان ئەو مێژوەیە دوبارە دەبێتەوە لە بەرگێکی تردا کە ئەمە بۆچی لەو کاتەدا بۆ ئەو رەوابێت و لە ئەمرۆ دا بۆ کەسی تر رەوا نەبێت،

لە دەرەوی هەموو ئەم وڵام و پرسیارانە واقعێکی نوی لە ژیانی سیاسی تورکیا بەر هەم هاتوەکە ناوچەکە هەڵگری ئەو واقیعەیە، ئەویش هاتنی امریکایە بۆ ناوچەکە بونی کۆمەڵی هێزی ترە لە ئۆپزسیونی ئێرانی کە خۆی لە چەند لایەن و گروپێك دەنوێنی کە ئەمریکا کە خاوەن عێراقەو لە رووی داگیرکاری یەوە هیچ یەکێك لەو هێزانە لە دەوست بە سەر گرتن وز راوەدونانە نەهێشتۆتەوە، وە بونی هێزی ئۆپزسیونی سوریاو ناوچەکانی ترە وە بە شێوەیەك لە شێوەکان امریکا پێویستی بە بونی ئەو هێزانە بێت بۆ راگرتنی ناوچەکە لە دوژمنی ترو وە فشارێکیش بۆ سەر وڵاتێکی تر کە ئەمرۆ خۆش بەختانە تورکیایە

لە هەمووی گرنکتر رەوای کیشەی کردە لە تورکیاو ئازاد نەبونی ئەو گەلەیە لە رووی مافەکانی نەتەوە بوون و کورد بونیەتی کە مافێکی خۆرسکی و سروشتی هەر گەلێکە لە سەر گۆی ئەم زەوی یە لە ئازادی زمانی کوردی، گەشەی ئابوری بە ناوچەکە، مافی هەر جوزَرە هەڵبژاردنێك لە نوێنەرایەتی یان گرۆوپ و حزب یاخود هەر ئارەزویەکی تر لە ژیان کە خۆی لە مافی چارەی خۆنوسینی دا دیاری بکات،

ئەوەی کە تورکیای لە قەیراندا هێشتۆتەوە ئەوەیە کە تورکیا دەیەوی ئەو هاوسۆزبێت لە گەڵ تورکێك لە ئازەر بیجان تەبریز و کەرکوك بەڵام نابێت کوردێك لە زاخۆ هاوسۆزبێت لە گەڵ کوردێك لە سلوپی، ئەو مافی ئەوەی هەبێت لیژنەیەك بنێریتە ناوچەیەك لە عێراق بە بی گوێدانە سەروەری ئەو وڵاتە تا بکۆلێتەوە لەو بیانوەی خۆی دروستی کردوە کە تورکمان مافەکانی پێشێل دەکرێت بەڵام رەوا نیە هاوسۆزیەك دەربری بەرامبەر بەو کوردەی زمانی قسەکرنی بە کوردی لێقەدەغەکراوەو سەروەت سامانی بە هەدەر دەبرێت دەبێت بە زمانی ئەوی داگیر کەری قسە بکەی. وە ئەم وڵاتە نایەوێت دان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە بونی گەلێك دا بنێت کە بە دەستورێکی نەتەوە سەردەست کۆت و بەندی کردوە، لە ژێر ناوی چاکسازی دا هەر دەساڵ جارێك دەیەوێت چاوێك بە دێرەکانی دا بخشێنێت

ڕەنگە ئێمە لە کۆتایی دا وەك هەرێمی کوردستان پابەند بین بە و دەستورەی کە لە هەرێمێکی فیدراڵدا ڕێکەوتنمانی لە سەر کردوە، بچینە نێو کۆمەلێك بریارو ڕاسپاردەی عێراق و امریکاش بەلاَم هێشتا ئەوەمان لە یادە کە ئەم شەرە سەر ئەنجامی کێشەی ولاتێکە کورد لەو ولاّتە مافی دەخورێت پێویستە لە ڕێگای ئاشتی یەوە مافەکانی بۆ بگەرێتەوە، وە دیموکراسی خەباتی مەدەنی بکرێتە بەدیلی خەباتی چەکداری و لە ڕێگای ئاشتی یان درێژە بەم سەرهەڵدانە بدرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.